**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە : ٢٤٠ لە ٢٠١٣/٢/٢٥**

**پشت بەست بە حوکمی برگە (٣)ی ماددەی (٨) لە یاسای ژمارە (٣)ی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو ، ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ژمارە (٢) لە ٢٠١٣/٢/١ بڕیارماندا بەدەرچواندنی ( پەیڕەوی ماڵەکانی بەساڵاچووان ) بەم شێوەی خوارەوە :**

## پەیڕەوی ژمارە ( ٢ ) ساڵی ٢٠١٣
## پەیڕەوی ماڵەکانی بەساڵاچووان

**ماددەی ( ١ ) :**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانیەتی کە لە بەرامبەریان هاتووە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم پەیڕەوە:

**یەکەم:** هەرێم : هەرێمی کوردستان – عیراق .

**دووەم:** وەزارەت : وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم .

**سێیەم:** وەزیر : وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم .

**چوارەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی : بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە پارێزگاکانی هەرێم .

**پێنجەم:** بەساڵاچوو : هەرکەسێك تەمەنی لە ٦٠ ساڵ کەمتر نەبێت بۆ پیاو وە لە ٥٥ ساڵ کەمتر نەبێت بۆ ئافرەت وە پێویستی بە چاودێری کۆمەڵایەتی هەبێت .

**شەشەم :** بەساڵاچووی پەککەوتە : هەر بەساڵاچوێك کە ناتوانێت بەدەم خواستی ئاساییانەی ژیانی خۆی بچێت هەروەها بۆ بەجێ گەیاندنی پێداویستیەکانی و چاودێری کردنی پێویستی بەکەسێکە هەمیشە لەگەڵی بێت .

**حەوتەم :** ماڵی بەساڵاچوان : ئەو شوێنەی کە بۆ حەوانەوەی بەساڵاچووان دابین کراوە .

**ماددەی ( ٢ ) :**

### ئامانجەکان

**یەکەم:** پێشکەشکردنی چاودێری کۆمەڵایەتی و تەندروستی و دەروونی و رۆشنبیری وکات بوێردن بۆ بەساڵاچووان

**دووەم : کارکردن لە پێناو دابینکردنی پەیوەندی بەردەوام بۆ بەساڵاچووان لەگەڵ کەس وکار و هاوڕێیانی و دوورنەخستنەوەیان لەکۆمەڵ .**

**سێیەم: بەشدارکردنی بەساڵاچووان بۆ ئەوەی بێ هیوایی و هیچ ململانێیەکی دەرونیان بۆ دروست نەبێت وکاربکرێت بۆ پاراستنی کەسایەتی و شوێنیان لە ناو کۆمەڵگا وەك تاکێکی سەربەخۆ**

**ماددەی ( ٣ ) :**

**ئامرازەکانی بەدیهێنانی ئامانجەکان :**

**یەکەم: دابینکردنی شوێنی نیشتەجێی شیاو و خۆراکی تەندروست و جل و بەرگی گونجاو .**

**دووەم:** رەخساندنی کەشێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی دروست .

**سێیەم : دابینکردنی چاودێری تەندروستی گونجاو و بایەخدان بەپاك و خاوێنیان و پێشکەشکردنی** ئامرازەکانی یارمەتیدەر پێیان .

**چوارەم:** دابینکردنی پێداویستیەکانی حەسانەوە و کات بوێردن و ئەنجامدانی گەشت و سەردانی مۆزەخانە و پارکەکان و ئاهەنگێران بە مەبەستی گەشەسەندنی پەیوەندی توند و باش لە نێوان سوودمەندان لە ماڵەکە .

**پێنجەم:** کردنەوەی کتێبخانە وشوێنی گونجاو بۆ ئەوەی بەساڵاچوان کاتەکانی ڕۆژانەی خۆیان تیایدا بەسەربەرن .

**شەشەم: دابینکردنی کەرەستە و پێداویستی گونجاو بۆ ئەوکارانەی دەگونجێت لەگەڵ تەمەن و باری تەندروستیان .**

**ماددەی ( ٤ ):**

**وەزارەت ئەم کارانە لە ئەستۆ دەگرێت :**

**یەکەم : کردنەوە و بەڕێوەبردنی ماڵەکانی بەساڵاچوان و سەنتەرەکانی رۆژانە لە پارێزگاکانی هەرێم .**

**دووەم : پێدانی مۆڵەت بۆ کردنەوەی ماڵ بۆ کەرتی تایبەت .**

**سێیەم:** پێدانی مۆڵەت بۆ کردنەوەی ماڵی خێرخوازی .

**چوارەم:** سەرپەرشتی چاودێری کردنی هەموو ماڵەکان کە لە بەندی ( یەکەم ، دووەم ، سێیەم ) باس کراوە لەم ماددەیە .

**پێنجەم:** وەرگرتنی رسومات بە بڕی ( ٢٥٠٠٠٠ ) دوو سەدوپەنجا هەزار دینار بۆ پێدانی مۆڵەتی کردنەوەی ماڵی بەساڵاچووانی تایبەت .

**ماددەی ( ٥ ) :**

**یەکەم : مەرجەکانی وەرگرتن لە ماڵی بەساڵاچووان .**

**أ- عیراقی و دانیشتوی هەرێم بێت .**

**ب- شوێنی حەوانەوەی نەبێت .**

**ج- تەمەنی لە (٦٠) ساڵ کەمتر نەبێت بۆ پیاو و (٥٥) ساڵ کەمتر نەبێت بۆ ئافرەت .**

**د- نەخۆشی گواستراوەی نەبێت و پێویستی بە چاودێری پزیشکی و چارەسەری بەردەوام نەبێت .**

**دووەم :** سەرەرای ئەو مەرجانەی سەرەوە ئەو کەسانەی ناتوانن خۆیان خزمەت بکەن لە ماڵی بەساڵاچووانی پەککەوتە وەردەگیرێن .

**ماددەی ( ٦ ) : وەزیر بۆی هەیە :**

**یەکەم: بە ڕەچاو گرتنی پێویستی چاودێری کۆمەڵایەتی بۆ ئەو کەسانەی کەوا مۆڵەتی مانەوەی هەمیشەییان هەیە لە هەرێم هەڵاوێر بکرێن لە خاڵی ( أ ) بڕگەی یەکەمی ماددەی ( ٥ ) .**

**دووەم:** بەڕەچاوگرتنی باری (جەستەیی و کۆمەڵایەتی) بۆ ئەوەی هەڵاویردن بکرێت لە خاڵی (ب)ی بڕگەی یەکەمی ماددەی (٥) .

**ماددەی ( ٧ ) :**

**یەکەم:** لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی لیژنەیەك پێکدەهێنرێت لە بەڕێوەبەری ماڵی بەساڵاچووان و توێژەرێکی کۆمەڵایەتی یان دەرونی و فەرمانبەرێکی پزیشکی بۆ وەرگرتن ودابڕاندنی سوودمەندان

**دووەم: پێویستە بڕیارەکانی لیژنەی سەرەوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەسەند بکرێت .**

**ماددەی ( ٨ ) :**

**ئەگەر بەساڵاچوو تووشی نەخۆشی عەقلی یان نەخۆشی گواستراوە بوو وە پێویستی بە چاودێری و چارەسەری بەردەوام بوو دەگوازرێتەوە بۆ نەخۆشخانەی تایبەت لەسەر راسپاردەی پزیشکی ماڵی بەساڵاچووان وە ناگەرێتەوە ماڵەکە تاکو چارەسەر نەکرێت .**

**ماددەی ( ٩ ) :** دابڕانی بەساڵاچوو لە ماڵی بەساڵاچووان :

**یەکەم :** ئەگەر هاتوو لەسەر ویستی خۆی ( بەنووسین ) بوو یان لەسەر داوای کەس و کاری دوای وەرگرتنی رەزامەندی بەساڵاچوو و لەسەر راسپاردەی توێژەری کۆمەڵایەتی و رەزامەندی لیژنەی وەرگرتن و دابڕان .

دووەم : ئەگەر بۆ ماوەی ٣٠ رۆژ دابڕا لە ماڵ بەبێ پاساوی گونجاو .

سێیەم : ئەگەر سوودمەند لە ماڵ کێشە و گرفتی دروست کرد یەکەم جار ئاگادار دەکرێتەوە وە ئەگەر بۆ جاری دووەم بەردەوام بوو بۆ ماوەی دوو هەفتە بێ بەش دەکرێت لـە سـوودمەندیەتی وە ئەگەر هەر بەردەوام بوو لەسەر راسپاردەی توێژەری کۆمەڵایەتی و رەزامەندی لیژنەی وەرگرتن و دابڕان مافی سوودمەندێتی نامینێ ( وە بە هەر حاڵ نابێت بەساڵاچوو دەربکرێت لە ماڵی بەساڵاچوان ئەگەر کەسوکاری نەبێت بەڵکو رێککاری سووك بەرامبەری وەربگیرێت لە کاتی دروست کردنی گێروگرفت لە ناو ماڵەکە)

ماددەی ( ١٠ ) :

یەکەم : ماڵی بەساڵاچوان هەمووپێداویستیەکانی سوودمەندان بـەخۆرایی دابـین دەکـات لەشـوێنی نیشتەجێ بوون وجل وبەرگ و خۆراك و خەرجی گیرفان و هـەر پێداویـستیەکی تـر لـەکاتی مانەوەی لە مالەکە .

دووەم : وەرگرتنـی بەساڵاچـووی خـاوەن داهـاتێکی جـێگیر بـە کرێیـەکی مانگانـە کـە بڕەکـەی (٣٠٠٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار دەبێت بەمەرجێك بڕی پارەی ماوە لەداهاتەکەی کـەمتر نەبێت لە بڕە پارەی یارمەتی تۆری پاراستنی کۆمەڵایەتی و مافی وەرگرتنی خەرجی گیرفانی نابێت کە لەبەندی (یەك) ی ئەم ماددەیە هاتووە .

سێیەم : ئەو سوودمەندەی یارمەتی تۆری پاراستنی کۆمەڵایەتی وەردەگرێت یارمەتیەکەی دەبڕدرێت و هەموو پێداوستیەکانی لە بڕگەی (یەك)کە لەسەرەوە هاتووە بۆی دابین دەکرێت.

ماددەی ( ١١ ) : ماڵی بەساڵاچوان پێکدێت لە :

یەکەم :

أ. بەڕێوەبەری ماڵی بەساڵاچوان:-بەرپرسە لەهەموو چالاکیە جۆراو جۆرەکانی ناو ماڵەکە ودەرەوەی وە ئامادەکردنی پلانی سەرەتایی بۆ ماڵی بەساڵاچووان و دانانی بەرنامەی کار بـە هـەموو وردەکاریەکانیەوە وە پێشنیار کردنی بودجەی ساڵانە و رێکخستنی رەوتی کارو چالاکیەکان دابەشکردنی ئەرکەکان لەنێوان ستافی ماڵەکە و چاودێری جێبەجێ کردنی کار و ئەرکەکان و پێـشکەشکردنی راپـۆرتی سـاڵانە لەسـەر چـالاکیەکانی ماڵەکـە و ئاسـتەنگەکانی کـار و پێشنیارەکان بۆ چارەسەرکردن و کەم کردنەوەی و ناردنی بۆ بەڕێوەبەرایـەتی گـشتی لەگـەڵ ژمارەیەك فەرمانبەر و کارگوزار بەپێی میلاکی ماڵەکە .

ب. دوو یاریدەدەر هاوکاری بەڕێوەبەریماڵی بەساڵاچوان دەکەن یەکێکیان بەیانیان ئەوەی تر ئێواران.
ج. دەبێت بەڕێوەبەری ماڵی بەساڵاچوان و هەردوو یاریدەدەر هەلگری بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتایی بە لایەنی کەم تایبەت لە بواری کۆمەلآیەتی یان دەرونی بێت و باشترە لە بواری چاودێری کۆمەلآیەتی کاریان کردبێت .

**دووەم:** نوسینگەی تویژینەوەی کۆمەلآیەتی دابنرێت کە ئەم کارانەی خوارەوە دەگرێتەوە ئەستۆ کە کارو ئەرکەکانی لە چوار چێوەی ڕێنمایی وەزارەت ڕێکدەخرێن :
أ- پێشوازی کردنی سوودمەندان و توێژینەوە لە باری کۆمەلآیەتیان بە مەبەستی پۆلین کردنیان .
ب- پێشکەشکردنی ئەو چاودێریە کۆمەلآیەتیانەی سوودمەند پێوستیەتی لە ماڵ و بەدواداچون بۆ دابین کردنی ئەم پێداویستیانە .
ج- دەستەبەرکردنی پەیوەندی لە نێوان سوودمەند و خێزانەکەی .
د- ڕێکخستنی ڕاپۆرتی وەرزی و ساڵانە لە سەر ڕەوشی سوودمەندان .
ه- پێشکەش کردنی چاودێری پاشینە بۆ سوودمەندان لە کاتی دەرچونیان بۆ ماوەی پێویست لە ڕێکەوتی کۆتایی هاتنی پەیوەندی بە ماڵی بەساڵاچووان .

**سێیەم:** پزیشك و یاریدەدەری پزیشك بۆ چارەسەرکردن و پشکنینی ڕۆژانەی سوودمەندان .

**چوارەم:** هۆبەی کارگێری پێك دێت لە فەرمانبەرانی کارگێری ( خۆیەتی ، کۆگا، پرسگە ) .

**پێنجەم:** هۆبەی خزمەتگوزار : پێك دێت لە ( خزمەتگوزار، پاسەوان ، چێشتلێنەر ، چاودێر، بەرگدروو ، شوفێر ، سەرتاش ، دایەن ) .

**شەشەم:** کەسی خۆبەخش : بەپێی پێویست بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکانی خزمەت گوزاری ماڵەکە بە ڕەزامەندی خۆی و لەسەر ڕاسپاردەی توێژەری کۆمەلآیەتی و ڕەزامەندی بەڕێوەبەری گشتی .

**ماددەی ( ١٢ ) :**

مالی بەساڵاچوان هەڵدەستێت بەم ئەرکانەی خوارەوە :-

**یەکەم:** دابینکردنی خۆراك و جلْ وبەرگ و کەل وپەل و پێداویستی تر بۆ سوودمەندان .

**دووەم:** لەسەر ڕاسپاردەی پزیشکی پسپۆر خۆراکی تایبەت بۆ سوودمەند دابین دەکرێت .

**سێیەم:** دابینکردنی کەل وپەلی هاتوو لە (٢،٨،٩،١٠،١٣،٢٦،١) لە خشتەی ژمارە (٢)ی هاوپێچ بەم پەیرەوە پابەند بوون بە ژمارەی دیاری کراو لەوانەی دەناڵێنن بە دەست خەڵەفاوی و بیرچونەوە و کرداری نەویست ئەمەش لەسەر ڕاسپاردەی لیژنەی وەرگرتن لە ماڵ .

**چوارەم:** ئەو کەل وپەلەی بەپێی خشتەی ژمارە (٢) کە هاوپێچە لە گەڵ ئەم پەیڕەوە بە مولکی سوودمەند هەژماردەکرێت .

**پێنجەم:** ئێشکگرەکان مافی ئەو خۆراکانەیان هەیە کە بۆ سوودمەند بڕیاری لەسەر دراوە بەپێی خشتەی ژمارە (١)ی هاوپێچ لەگەڵ ئەم پەیڕەوە .

**شەشەم:** دابینکردنی پێداویستیەکانی سوودمەندانی ماڵەکانی بە ساڵاچووانی تایبەت و خێرخوازی لە خۆراك و جل و بەرگ و پێداویستسەکانی تر بەلایەنی کەم هاوشێوەی ماڵەکانی حکومی بێت.

**ماددەی ( ١٣ ) :**

**خەرجی گیرفانی ڕۆژانەی بە بڕی (٣٠٠٠) سێ هەزار دینار بۆ هەر سوومەندێك کە وەرگیراوە بە خۆرایی لە ماڵی حکومی دابین دەکرێت .**

**ماددەی ( ١٤ ) :**

**وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان هەڵدەستن بە پێشکەش کردنی پشتگیری و ئاسانکاری بەپێی توانا بۆ ماڵەکانی بەساڵاچووان کە خێرخوازی یان وتایبەتن.**

**ماددەی ( ١٥ ) :**

**یەکەم** : **دابین کردنی دەرماڵەیەکی گونجاو بۆ فەرمانبەران و کارمەندان کە لەماڵەکانی بە ساڵاچووان کار دەکەن بەپێی جۆری کارەکانیان بە هەماهەنگی وەزارەت لەگەڵ وەزارەتی دارایی وئابووری .**

**دووەم** : **کاتەکانی دەوام کردن لەماڵەکانی بەساڵاچووان لەلایەن وەزارەتەوە ڕێکدەخرێت .**

**ماددەی ( ١٦ ) :**

**یەکەم:** **لێسەندنەوەی مۆڵەت لەلایەن وەزیر یان ئەو کەسەی دەسەلاتی داوەتێ لەماڵەکانی کەرتی تایبەت و خێرخوازی لەکاتی سەرپێچی خاوەنەکانیان لەبڕیارەکانی هاتوو لەم پەیڕەوە یان ئەو ڕێنمایانەی دەرچوونە دوای ئەوەی دووجار ئاگادارکرابێتەوە وە خاوەن ماڵ بۆی هەیە تانە لە بڕیاری لێسندنەوە بکات لە دادگای تایبەتمەند بە پێی یاسا.**

**دووەم:** **مۆڵەت لێسەنراو مافی پێشکەش کردنی داواکاری مۆڵەت وەرگرتنەوەی نیە تەنها دوای تێپەڕبوونی دووساڵ بەسەر ڕێکەوتی لێسەندنەوەی مۆڵەتەکەی .**

**ماددەی( ١٧ ) :**

**یەکـەم : گۆڕانکاری لەناوی ماڵی بەساڵاچوان و گواستنەوەی باڵەخانەی ماڵەکـە دەبێـت تـەنها بـە ڕەزامـەندی وەزیر یان ئەو کەسەی دەسەلاتی داوەتێ.**

**دووەم : دەستبەردان و گواستنەوەی خاوەندارێتی مـاڵی بـە ساڵاچـوان بـۆ کەسـێکی تـر تەنهابـە ڕێپێدانێکی نوێ بە پێی حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە دەبێت.**

**ماددەی ( ١٨ ) :**

**یەکەم: کار بەپەیڕەوی خانەکانی بەساڵاچوانی ژمارە(٤)ساڵی(١٩٨٥) ناکرێت.**

**دووەم: ڕێنمایەکانی خانەکانی بەساڵاچووانی ژمارە(١)ی ساڵی (٢٠١٠) هەڵدەوەشێتەوە.**

**ماددەی( ١٩ ) :**

**وەزیرلـەماوەی ٦٠ ڕۆژ ڕێنمـایی تایبـەت بـۆ ئاسـانکاری جێبـەجێکردنی حوکمـەکانی ئـەم پەیڕەوەدەردەکات.**

**ماددەی ( ٢٠ ) :**

**ئەم پەیڕەوەلەڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لەرۆژنامەی فەرمی (وقایعی کوردستان) بلاّودەکریتەوە**

**نێچیـرڤان بارزانـی**

**سـەرۆکی ئە نجومەنـی وەزیـران**